سودانی پیرۆزبایی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لوبنان دەکات

محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران،ئەمڕۆ پێنجشەممە،پیرۆزبایی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لوبنان کرد.

سودانی، لە پۆستکدا لەهەژماری تایبەتی خۆی لە پلاتفۆرمی ئیکس نوسیویەتیە:-"پیرۆزبایی لەگەل و حکومەتی لوبنانی برا دەکەین، بەبۆنەی تەواوبونی شایستە دەستوری نیشتمانی و هەڵبژاردنی جێگری عەون لە لایەن پەرلەمانەوە وەك سەرۆکی کۆمار، بە هیوای سەرکەوتن لەئەرکەگەورەکانیدا".

ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەمە هەنگاوێکی دیکەیە لەسەر ڕێگای چەسپاندنی سەقامگیری و چەسپاندنی دەوڵەتی دامەزراوەکان، کە نوێنەرانی گەلی لوبنان توانیان جێبەجێی بکەن و بەرپرسیارێتی مێژویی خۆیان هەڵبگرن".

ئەوەشیخستەڕو، "ئەمە لەئاراق هەمیشە لەهەمو سەختی و ناخۆشییەکدا لەگەڵ لوبنان وەستاوین، هەروەها لەسەر هەمان هەڵوێست دەمێنینەوە بۆ پشتیوانیکردن لەخاگری لوبنانییەکان لەبەرامبەر هەر دەستدرێژییەك یان هەڕەشەیەك کە ئاسایشی ئەم وڵاتە

تێکبدات".

سودانی دەشێت، "ئەم هەنگاوە دەرفەتێکە بۆ دەربڕینی پابەندبونمان بە قوتترین پەیوەندییە مرۆیی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و کولتوریییەکان لەگەڵ لوبنان".